

## له من له تۆدا.........

بۆ هەناسەی فریشتەیەک دەگەڕام
هەتا خودام پێنیشان دات.........
له خوداشدا...........
بۆ وشەیەک دەگەڕام
تا بمهێنێتەوە بۆ لای تۆ !!
تۆ له خەونی ڕەنگاڵەی منالێکی شەرمن دەچیت
که نازانێ خەونەکەی بگێڕێتەوە.
بەڵام هەر ئەوەندە دەزانێت.
که تۆی له سەحرایەک، له گوڵستانێک
له فیردەوسێک له دۆزەخێکدا بینیوە و ئیتر باکی به هیچ نیە !
تۆ له مندا گەورە دەبیت
منیش له ژیندا پیردەبم و له تۆشدا ماڵئاوا دەکەم !
تۆ له جنسی خوداکانیت !
منیش له جنسی ڕەشەبا و
گێژەلولکەی خەیاڵە پەرتەوازەکان !
تۆ ڕۆحیکی جاویدان و
منیش هەناسەیەکی بێرۆحی پەیکەرێکی بەر باران.
تۆ هەناسەی خوداوەند و
ڕۆحی منیش وێل و شەیدا و
شوێن پێ هەلگرتووی دوای شەیتان !

rohani1983@gmail.com — ڕێبوار ڕەزا چوچانی